گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندەکانی سروشتی مرۆڤ لە نێوان ماکیاڤیللی و تۆماس هۆبزدا

**هەژان ملا حمدامین**
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
su.edu.krd@Hazhan.hamadameen

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٥/٩
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Human nature, natural stage, politics, state.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.16

## پوختە

لە جیهاندا لە نێوان هەموو بوونەوەرەکاندا، مرۆڤ تاکە بوونەوەری هۆشیارو خاوەن ژیریی و پرسیارە. بۆیە مرۆڤ بە خودی خۆی، خاوەنی پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە خۆی و جیهانی دەورووبەریەتی. هەروەها مرۆڤ دروستکەری مێژووەو لە هەمانکاتدا مێژووش تۆمار دەکات. لەنێوان هەموو زیندەوەرەکاندا، مرۆڤ بەوە ناسراوە کە هەموو هەوڵ و کۆششی لە پێناوی مانەوەی خۆیدایە. بەو هۆکارەش مرۆڤ بنەماو خەسڵەتی "خۆپەرستی" تێدایەو ململانێ دەکات. لە دوای قۆناغی دوورووودرێژی سەدەکانی ناوەڕاست و لە دەستپێکی شۆڕشی ڕێنیسانسدا و لە قولایی ئەم شۆڕشەدا دوو فەیلەسوفی مەزنی بواری فەلسەفەی سیاسی دێنە مەیدانەکە، ئەوانیش ( ماکیایللی ) و ( تۆماس هۆبز ) بوون. ئەوان بنەمای فەلسەفەکەی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ڕەهەندە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ. بە گشتی بە بۆچوونی ئەوان مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆپەرستە، بۆیە پێویستە لەلایەن سیستەمێکی حوکمڕانی توندو بەهێزەوە کۆنترۆڵ بکرێت، یاخود سنووری بۆ دابنرێت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین تاوتوێی بنەماو ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم دوو فەیلەسوفە لەبارەی سروشتی مرۆڤ بکەین.

## پێشەکی:

بەهۆی ئەوەی مرۆڤ خۆی دروستکەرو تۆمارکەری ڕووداوەکانی مێژووە، بەردەوام ڕووی یان سروشتی خۆی بەشێوەیەکی نمونەیی پێشکەش کردووە، بۆیە بەپێی ئەفسانەکان، ئایینە ئاسمانی و زەمینیەکان و فەلسەفە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هەڵبژاردەو نمونەیی وێناکراوە، بەڵام خوێندنەوەو هەڵدانەوەی لاپەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی پێماندەڵێن کە ئەو مێژووە پڕیەتی لە ڕووداوی خوێناوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و کاولکار کە بەشێکیان بوونەتە هۆکارو هەڕەشە لەسەر مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی. بەشێك لە جەنگەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە درێژەیان کێشاوەو بوونەتە هۆکار بۆ لەناوچوونی بەشی زۆری مرۆڤەکانی ئەو ناوچەیەی شەڕو ململانێ تێیدا بەردەوام بووە. شارەزاو مێژوونوسان ساغیانکردۆتەوە جەنگ و ململانێکانی مرۆڤایەتی لە ڕەگی خۆپەرستی و ویستی نەبراوەی مرۆڤەکانەوە سەریهەڵداوە. خواستی مرۆڤ چ بەشێوەی تاکەکەسیانە بووبێت یان بەشێوەی گروپ، بەردەوام لە هەڵکشاندا بووەو ویستی پتری بۆ داگیرکاری و بە دەستهێنانی دەستەڵات و ماڵ و سامان هەبووە، ئێمە هەوڵدەدەین لە توێژینەوەکەماندا ئەم بابەتە وەك پرسێکی جەوهەری بخەینەڕوو.

دوای کۆتاییهاتن بە قۆناغی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست-سەدە تاریکەکان، قۆناغێکی نوێ دێتە پێشەوە کە بە قۆناغی بوژانەوەو نوێبوونەوە (ڕێنیسانس) وێنا کراوە. ئەم قۆناغە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە دەتوانێت پێچەوانەی پێش خۆی بێت، ئەویش لەسەر ئەو بنەمای کە جەوهەرەکەی بریتی بووە لەوەی کە (مرۆڤ) بوونەوەرێکی نمونەیی-دانسقەیە، هۆشیارو چالاکە. ئەوەی لێرەدا وەك پرسیار دەیخەینە ڕوو ئەوەیە، هۆکار چی بووە شۆڕشی ڕێنیسانسی ئەوروپی (مرۆڤ)ی وەك بوونەوەرێکی نمونەیی و بە بەها وێنا کردووە، بەڵام هەر یەکە لە (ماکیاڤیللی و هۆبز) لەو گۆشەنیگا نێگەتیڤەوە سەیری مرۆڤیان کردووەو بە خۆپەرست و چڵێس وێنایان کردووە؟! ئەمە لە کاتێکدا ئەو دوو فەیلەسوفە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا ژیاون. لەلایەکی ترەوە ئەکرێ بپرسین، ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئەو سروشتە خراپ-خۆپەرستەیە، ئایا نە دەکرا لە ڕێگای بنەماکانی شۆڕشی ڕێنیسانس (پەروەردەو مەدەنیەت) چارەسەری ئەو ڕەوشە بکرێت؟! بۆچی لە دوای شۆڕشی ڕێنیسانسیش جەنگ و وێرانکارییەکان و داگیرکاری میللەتان بەردەوامی هەبووە؟! میللەتانی ئەوروپی کە بە پێشکەوتووترین میللەتان ناو دەبرێن، هەڵگیرسێنەرو درێژە پێدەری هەردوو جەنگی جیهانی بوون، کە ملیۆنان مرۆڤی تێداچووەو دەیان وڵات بەهۆیەوە وێران بوونە؟ ڕوودانی ئەم جەنگانە سەلمێنەری بیروبۆچوونەکانی (ماکیاڤیللی و هۆبز)ە لەسەر سروشتی شەڕانگێزو خۆپەرستانەی مرۆڤ، یاخود شکستی بنەماو بانگەشەکانی شۆڕشی ڕێنیسانسە؟!. هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەدایە بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی (ماکیاڤیللی و هۆبز) ئاوڕ لە ڕەهەندەکانی ئەم بابەتانە لەبارەی سروشتی مرۆڤ بدەینەوەو وەك کۆمەڵێك پرس و بابەتی جەوهەری تاوتوێیان بکەین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤ چ وەك چەمك و بەهایەکی ئەبستراکت چ وەك مرۆڤی واقیعی (فاکت) لە ژیاندا، جێگای بایەخ و گرنگی بووە بۆ هەموو جۆرە ئایین و ئایدۆلۆجیایەك. هەروەها فەلسەفەی یۆنانی وەك فۆڕمێکی بەرز لە بیرکردنەوەی مرۆڤ، پێگەو بایەخێکی تایبەتی بە مرۆڤ داوەو داڕشتنی بنەماکانی زانستی لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ (دەروونناسی) لەوێوە داڕێژراون. بەڵام دەستپێکی سەدەکانی ناوەڕاست کە بۆ ماوەی پتر لە هەزار ساڵ بەردەوام بووە، پتر وەك سەردەمێك وێنا کراوە کە مرۆڤ تێیدا بێ ڕۆڵ کراوەو پتر وەك تاوانبار ناسێنراوە، بەم بیانوانەوە کێڵێسە لەو ماوەیەدا کڵێسە بە پەیڕەویکردن لە دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی دەستیگرتووە بەسەر هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی مرۆڤی ئەوسای ئەورووپیدا. لەژێر کاریگەری ئەو فشارانەی کڵێسەدا مرۆڤی ئەورووپی لە کاردانەوەو بەرچەرچدانەوەدا هەنگاو بەرەو سەردەمێکی نوێ دەنێت کە ئەویش سەردەمی ڕێنیسانسە. ((ڕێنیسانس بینینێکی نوێی مرۆڤانەی لەگەڵ خۆیدا هانی، هیومانیزمەکانی ڕێنیسانس باوەڕێکی نوێیان بەرامبەر مرۆڤ و نرخی مرۆڤ لەلا گەڵاڵە بوو، بڕوایەك کە تەواو دژی بۆچوونە نەگۆڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو.)) (گاردەر 2003، ل 213). ئەم سەردەمە کۆمەڵێك گرووپی ڕۆشنبیری و فەیلەسوف و زانای بە توانا بە خۆیەوە دەبینێت کە ماکیاڤیللی و تۆماس هۆبز یەکێك ئەبن لەوانە، ڕۆڵێکی بەهێز لەو قۆناغەدا دەبینین. لێرەدا بۆچوونی فەلسەفییانەی هەریەك لەم دوو فەیلەسوفە لەبارەی سروشتی مرۆڤ و خەسڵەتەکانیەوە وەردەگرین.

## یەکەم: ماکیاڤیللی (1469-1527ز).

قۆناغی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست کاریگەرییەکی بەهێزو درێژخایەنی لەسەر ژیان و بوونی مرۆڤی ئەو کاتی ئەورووپی داناوە کە زۆربەی بریتی بووە لە نەهامەتی و شکست، ئەمەش وایکردووە، لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەورووپیەکان بیر لە گۆڕانکاریی و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە بکەنەوە، ئەمەشیان لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ کولتوورو فەلسەفەی کۆنی یۆنانی (ڕەهەندی مادییانە)، جێبەجێ کردووە، ئەمەش بووە بە هۆکار بۆ دروستبوونی شۆڕشێکی سەرتاپاگیری فرە لایەن، یەکێك لەو بوارانەی کەوتەبەر تەوژمی گۆڕانکارییەکانی ئەو شۆڕشە بریتی بوو لە بواری (سیاسی). شارەزایانی بواری زانستی سیاسەت بۆچوونیان وا بوو کە کڵێسەو ئایینی مەسیحی بەهۆی ڕەهەندی ڕەشبینی و پشتکردنە ژیانی دنیا، بە تەواوی لە بواری سیاسەتدا شکستیان خوارد بوو. بۆیە یەکێك لەو وڵاتانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو بوارەدا لە سایەی کلێسەوە شکستی خوارد بوو بریتی بوو لە وڵاتی ئیتاڵیا، کە ئاستی شکستە سیاسیەکان تا ئاستی دابەشبوونی وڵاتی ئیتاڵیا بوو. ماکیاڤیللی وەك یەکێك لە سیاسیە شارەزاو گەنجەکانی ئەو کاتە سەرنجی خستە سەر ئەو ڕەوشە، شکستەکان کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر بیروبۆچوونەکانی هەبوو، بۆیە ئەو فەیلەسوفە سیاسیە گەنجە بیری لە گۆڕینی ڕەوشەکەو هەروەها ڕزگارکردنی ئیتاڵیا کردەوە. سەرەتاو بنەمای ئەو هەنگاوەشی لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیەوە ناوە کە تێیدا کەسایەتی "میر" پلەیەکی باڵاو بێ سنووری هەیە. ماکیاڤیللی دەستپێکی پرۆسەکە بەوە دەستپێدەکات کە سروشتی مرۆڤ و کەسایەتی تاکە مرۆڤەکان بخوێنێتەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، دواتر لە ڕوانگەی ئەم هەڵسەنگاندنەوە لە ڕێگەی "میر"ەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و دواتریش کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی سیاسی دەدات.

## سروشتی مرۆڤ و کەسایەتی (میر)

بۆچوونی ماکیاڤیللی وایە، مرۆڤ هۆکاری هەموو کێشەو شکستەکانە، مرۆڤ سروشتێکی خراپی هەیەو تاکە ڕێگای چارەسەرو سنوور دانان بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕەهەندە خراپە لە مرۆڤدا. بە بڕوای ماکیاڤیللی ((خۆپەرستی و دوودڵی و سپڵەیی و خراپەکاری لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سروشتی مرۆڤایەتین، بۆیە داوا لە فەرمانڕەوایان (میر) دەکات کاتێك حوکمی میللەتان دەکەن ئەم حەقیقەتە لەبەرچاو بگرن... بەمجۆرە (ماکیاڤیللی) پێیوایە پێویستی بوونی فەرمانڕەوا لەوێوە دێت کە کۆمەڵگە لە پشێوی قوتار بکات. بوونی هەر جۆرە لاوازیەکیش لە حوکمڕانیدا دەبێتە مایەی نەمانی دڵنیایی و پەلاماردانی یەکتری بە مەبەستی خۆ سەپاندن و زیادکردنی سەروەت و سامان. پێویستە فەرمانڕەوای سەرکەوتوو سروشتی مرۆڤ شارەزا بێت.)). (ئیبراهیم 2010، ل 30-31). ئەم سروشت و خەسڵەتانەی مرۆڤ لە ڕووی خۆپەرستی و سپڵەیی، لەلایەن ماکیاڤیللەوە ڕەوایەتی ئەوە بە "میر"دەدات کە هەموو ڕێگایەك بۆ سەرکوتکردن و ملپێچکردنی مرۆڤەکان بگرێتەبەر،چونکە جگە لەم ڕێگایە "میر" هەر ڕێگایەکی تر بگرێتەبەرو ((چەندە بکاو بکۆشێ، تا خەڵکەکە تەفروتونا نەکاو پەرت و بڵاویان نەکاتەوە، ناتوانێ ناوی شارەکەیان و نەریتەکانیان لە بیر بەرێتەوە، بەڵکو ئەو نەریتانەیان هەمیشە لە یاد دەمێنێ و هەر هێندەی دەرفەتێك هەڵبکەوێ دەیانهێننەوە کایەوە، وەك چۆن شاری (پیزا) دوای ساڵانێکی دووروو درێژی داگیرکردنی لەلایەن فلۆرنسابیەکانەوە کردی. بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر ئەو شارو ناوچانە لە ژێر سایەی حوکمڕانێك یان میرێكدا بە سەرشۆڕی ڕاهاتبوون و داگیرکەرەکە بنەماڵەی میرەکەی پێشووی لەناو بردبێ، ئەوا خەڵکەکەیان کە فێری تاعەتکردنن و میرەکەی لەوە بەریان لە دەستچووە، لە هەڵبژاردنی میرێکی نوێدا لەناو خۆیاندا بۆخۆیان دەستەوەسان دەبن. جگە لەوەی کە ناشزانن چۆن لە ژێر ئاڵای سەربەستیدا بژین، لەبەرئەوە لە یاخیبووندا تەمبەڵ دەبن و میرە داگیرکەرەکە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشێ و جێ پێی خۆی لە ناوچەکەیاندا قایم بکا.)). (ماکیاڤیللی 2006، ل 131-132). "میر"ی ماکیاڤیللی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی توندوتیژی جێبەجێ ناکات، بەڵکو تەنیا لە کاتی پێویستدا یان کاتێك کە بزانێت ئەو توندوتیژییە سودی هەبێت بۆ دەستەڵات و وڵات. ئەمە بەو واتایە دێت کە ماکیاڤیللی پێشنیاری ئەوە ناکات کە "میر" بەبێ هۆکار ئازارو ئەشکەنجەی خەڵك بدات، بەڵکو لە کوێدا ئەو توندوتیژییە بەرامبەر خەڵك سود بە میر دەگەیەنێت لەوێدا پێویستە بەبی سڵکردنەوە پێداگری لەسەر بکات. ((میر ئەگەر دڵنیابوو کە دڵڕەقیەکەی دەبێتە هۆی یەکگرتنی گەلەکەی و دڵسۆزیان بۆی دەبێ گوێ نەداتە گوناهبارکردنی بەو سیفەتە. ئێمە ئەگەر چەند نمونەیەکی لەسەر بهێنینەوە چاك بۆمان ئاشکرا دەبێ، کە ئەو جۆرە میرە زۆر لەوانە بە بەزەیی ترە کە بە زیادەوە دڵناسکی دەنوێنن و لە ئەنجامیدا دەبنە هۆی ڕوودانی چەندین ئاشووبی ئەو تۆ کە گەلێ خوێن ڕشتن و ڕاو و ڕووتکردنیان لێدەوەشێتەوە.)) (ماکیاڤیللی 2006، ل 197)، ئەم بیروبۆچوونە بەو واتایە دێت (( کاتێك پرسی ئاسایشی وڵات لە گۆڕێدا بێت، نابێ گوێ بە دادپەروەری و نادادپەروەری، بەزەیی و بێ بەزەیی، ڕەفتاری باش و خراپ بدرێت؛ بە پێچەوانەوە دەبێ هەموو شتێك بخرێتە لاوەو بۆ ڕزگارکردنی وڵات و پاراستنی ئازادی وڵات هەموو کارێك ئەنجام بدات.)) (جولز 2013، ل 61)، کاتێك "میر" بە هەڵوێستێکی بەهێزەوە هەڵسوکەوت دەکات و لە کات و شوێنی پێویستدا هێزی خۆی بەکاردەهێنێت، خەڵك ناچار دەبن ملکەچی بن و خۆشیان بوێ، لەم ڕەوشە ناچاریەدا ((ڕەعیەت هەمیشە حەز دەکەن ملکەچی خۆیان بۆ حوکمڕانەکەیان دەربخەن، ئەمە هانیان دەدا بۆ خۆشەویستی، یا ئەگەر خۆشیشیان نەوێ، هەر هیچ نەبێ لێی دەسڵەمێنەوە.)) (ماکیاڤیللی 2006، ل 115).

ماکیاڤیللی بۆچوونی وابووە کە تاکەکەسەکان ویست و خواستی نەبڕاوەیان هەیەو هەر کەسێك لای خۆیەوە حەز دەکات هەرچی شتێك بە هزرو خەیاڵیدا دێت بتوانێت بە دەستی بهێنێت و بۆ ئەو بێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیە هەموو جۆرە فێڵێك بەکاربهێنێت و لە پێناو ویستەکانی خۆیدا زیان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوانیتر بدات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزی و کێشەو بەرەیەکی زۆر لە وڵاتداو بەرژەوەندی گشتی دەکەوێتە مەترسی و خواستی تاکەکەسان هەموو شتێك کۆنترۆڵ دەکات. لە پرۆسەی ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوەکانی بۆ "میر" ماکیاڤیللی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە خەڵك هەوڵدەدەن خۆیان لێت نزیك بکەنەوە، بەڵام پێویستە هۆشیار بیت کە ئەوان لە لاوازیدا ئەو کارە دەکەن، ئەگەر بەهێز بن هەوڵدەدەن زیانت لێبدەن، ئەمەش سروشتی نەگۆڕی مرۆڤە. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، ماکیاڤیللی لە کتێبی "میر"دا بۆ "میر" دەنوسێت و دەڵێت: ((خەڵکی پیشەیان وەهایە، کاتێك دەیانەوێ خۆیان لە میرێك نزیك بکەنەوە، تەقەلا دەدەن جۆرە دیاریەکی پێشکەش بکەن کە بە باوەڕی خۆیان گرانبەها بێ، یان لەو بابەت و شتانە بێ کە دەزانن میر هۆگریانە. بەم شێوەیە دیاری بە زۆری لە بابەتی ئەسپ و چەك و جلوبەرگی ڕازاوە بە زێرو گەوهەر و زۆر کەلوپەلی جوانی تر کە شیاوی شان و شکۆی میران بن بەسەریاندا دادەبارێنن. سا منیش لەبەر ئەوەی حەز دەکەم سوکە بەڵگەیەك بۆ نیشانەی دڵسۆزی خۆم بەرامبەر بە جەنابی پایە بەرزتان پێشکەش بکەم لەناو ئەو شتانەدا کە هەمن، هیچی وەهام نەدیوە کە مایەی شانازی پێوەکردنم بێ و لای خۆم جێگای ڕێزلێنانێکی زۆر بێ ئەو زانستەم نەبێ کە کە دەربارەی کردارو ڕەفتارە پیرۆزەکانی گەورە پیاوان هەمەو لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی دووروو درێژی خۆمەوەو شارەزاییم لە کارەسات و بەسەرهاتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامان و وردکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوودا دەستم کەوتووە.)) (ماکیاڤیللی 2006، ل 105). بە سەرنجدان و وردبوونەوەمان لەم تێکستە ئەبینین کە ماکیاڤیللی ڕاستگۆیانە بۆ میر دەدوێت و تەنانەت کەسایەتی خۆی لەم بابەتە بە دەر ناکات و ڕاستەوخۆ بە میر دەڵێت، لەگەڵ ئەوەی من جیاواز لە خەڵك هۆشیاریت پێدەدەم و ئامۆژگاریت دەکەم، بەڵام خۆ نزیککردنەوەم لە تۆ بەبێ مەبەست نیەو لە کۆتایدا منیش ئامانجم ئەوەیە لەگەڵ تۆدا کار بکەم و بە هۆی تۆوە بتوانم خاوەن پێگەو کەسایەتیەکی بەهێز بم، واتا ماکیاڤیللی نوسینەکەی خۆی دەکات بە هۆکارێك بۆ ئەوەی بەهۆیەوە لە کەسایەتی میر نزیك بێتەوە، ئەمەش وەك سروشتی نەگۆڕی مرۆڤ دەخاتەڕوو، کە بریتیە لە چاوچنۆکی و خۆپەرستی و ویستی بێ سنوور بۆ ماڵ و سامان و دەستەڵات. بەمجۆرە ماکیاڤیللی ((بە توێژینەوەکانی خۆی لە مێژوودا گەیشتە ئەو ئەنجامە کە سروشتی مرۆڤ نەگۆڕەو دەتوانین لەسەر ئەو بنەمایە بگەینە هەندێ ڕێسای گشتی یان گشتگیر لە سیاسەتدا. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە گەلێك ئارەزووی تێر نەبوو و زێدەخوازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێکۆتایی هەیە. یەکەمین خواستی ئەو پاراستنی خۆیەتی، ئەو کورتبین، ڕواڵەتبین و لاساییکەرەوەیەو حەزی لە پەیڕەوکردنی کەسایەتیە مەرجەع و دووڕوو و فریوکارەکانە.)) (پولادی 2005، ل 29).

ماکیاڤیللی لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە بڕوای وایە کە تاکە چارەسەر بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشتی مرۆڤ بریتیە لە ڕاهێنان و سنوور بۆ دانان، بەمەش مرۆڤ بەشێوەیەکی ناچارییانە ملکەچ دەکات بۆ گۆڕانکارییەکان، بۆیە کاتێك خوێندنەوە بۆ ڕژێمە ڕامیاریەکان دەکەین بەپێی شوێن و کات، سروشتی دانیشتوانی ڕژێمەکان جیاوازەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ((بەم جۆرە ڕووندەبێتەوە کە بەرجەستەبوونی سروشتی مرۆیی، بەگوێرەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ. بەپێی بۆچوونی ماکیاڤیللی لە سیستەمێکی ڕامیاری خوازراودا ئارەزووە سروشتیەکانی مرۆڤ، بۆ ئامانجە باشەکانی دەوڵەت، سودیان لێوەردەگیرێ. لە سیستەمی ڕامیاری خراپدا، یان لە هەلومەرجی ناهەمواردا، دەستدرێژیکاری، چاوچنۆکی و دەستەڵاتخوازیی مرۆڤ دەبن بە فاکتەری پەیدابوونی دووبەرەکی و نائارامی و گەندەڵی.)) (لیدمان 2004، ل 163). ئەم هەنگاوانەی ماکیاڤیللی وایکردووە "میر" بەرچاو ڕوونی و هۆشیاریەکی تەواو پەیدا بکات و لە پرۆسەی پراکتیککردنی دەستەڵاتدا بزانێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵك و هەروەها ڕاوێژکارەکانیدا دەکات، ئەمەش هۆکار بووە بۆ سەرکەوتنی "میر" بۆ بەسەر ئەو ئاستەنگانەی هاتوونەتە سەر ڕێگای.

## بەهای ئەخلاق لەنێوان مرۆڤ و (میر)دا

یەکێکیتر لەو ڕەهەندانەی ماکیاڤیللی لە پەیوەندیدا بە دەستەڵات و هەروەها سروشتی مرۆڤ دەیخاتە ڕوو بریتیە لە بابەتی "ئەخلاق". پێیوایە ئەخلاق بابەتێکە پێویستە "میر" تێکەڵ بە دەستەڵاتی نەکات، چونکە کاتێك "میر" پەیڕەو لە بنەماکانی ئەخلاق بکات، ئەوا ناتوانێت لە سروشتی شەڕانگێزانەو چاوچنۆکانەی مرۆڤ تێبگات و هەروەها ناتوانێت سنووری بۆ دیاری بکات، چونکە ڕەهەندو بنەما ئەخلاقیەکان بە تۆوی بەزەییەتی ڕەنگ ڕێژکراون و ڕێگا بە "میر" نادەن، لە کات و شوێنی پێویستدا توندوتیژی بەرامبەر بە نەیاران و خەڵك بەکاربهێنێت. ((ماکیاڤیللی بنەمای ئاکارو ڕێساکانی سیاسەتی خستۆتە نێو دووتای تەرازووەوەو تای تەرازووەکەی بەلای سیاسەتدا لاسەنگ کردووە. لە سەرەتادا لایەك لە ئایینی مەسیحی دەکاتەوە لەگەڵ ڕەوشی سەردەمی پێشووتردا بەراوردی دەکات و وای دادەنێ پێشینان شەیداو سەرگەرمی پارەو پول و سامان و ماڵی دنیاو لەش

ساغی بوون، ئایینەکەشیان بە چاوێك تەماشای سەرکردەو پاڵەوان و یاسا دانەرەکانی کردووە کە پیرۆزن و خەسڵەتێکی خواوەندێتیان هەیە، کەچی مەسیحیەت بە پێچەوانەوە دنیاو ژیانی سەرزەوی لەبەرچاوی مرۆڤان سوك دەکات و داوایان لێدەکات و هانیان دەدات پشت بکەنە خێرو خۆشیەکانی ژیان و پارەو پول و ماڵ و سامانی دنیا بخەنە لاوە. ئەو ئایینە تەنیا هەر بۆ میللەت دەستدەدات و ئاکارەکەشی هەروایە، دەبێ میللەت گوێڕایەڵ و ملکەچ بێت، کاروباری رابەری و سەرکردایەتی کردنیش بۆ سەرکردە خورت و دەستڕۆیشتوو و ئازاکان دەمێنێتەوە.)) (عەزیز 2011، ل 81-82). بەم جۆرە ماکیاڤیللی پتر ڕەهەندی سیاسی بە بایەخدار وەردەگرێت و وای دەبینێت کە پەیڕەوکردن لە بنەما ئاکارییەکان سودێکی ئەوتۆی بۆ میر نیە، بۆ ئەمەش نمونەی کڵێسەی مەسیحی دەهێنێتەوە، کە بەهۆی پێشخستنی بنەما ئاکارییەکان و هەستی بەبەزییەتی، لە بواری سیاسەتدا شکستیان خواردووەو دابەشبوون و لاوازبوونی ئیتاڵیاش بەو هۆیەوە بووە، لەم ڕوانگەیەوە (( ئەگەر بێت و دەوڵەت لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵدا بێ، نەك تاك، وا پێویست دەکات کە لەگەڵ تاکەکاندا وەك ڕەفتار نەکات، وەك ئەو رەفتارەی کە پیاوانی ئەخلاق داوای دەکەن، چونکە ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە لە کاتی پێویستداو بۆ پارێزگاریکردن لە گەل و سەلامەتی کۆمەڵ بە هیچ ئەخلاقێکی تاکەوە پابەند نەبێت، لەبەر ئەوەی کارەکانی دەوڵەت نە دەچێتە خانەی ئەخلاقەوەو نە سروشتی خێرو شەڕیشی هەیەو نە سەر بە هیچ یەکێکیشە لەوانە. بەیەکەوە گرێدانی ئەخلاق و سیاسەت لەلای ماکیاڤیللی جۆرێکە لە شێتی و کەم ئەقڵی، بەڵکو هەوڵدانێکە بەرەو شتێکی مەحاڵ.)). (ئیمام 2012، ل 308-309). ماکیاڤیللی دەربارەی سروشتی مرۆڤ و ئاراستەکردنی ڕەوتی سیاسی ڕەخنەی توند ئاراستەی کڵێسە دەکات، کە پتر ڕۆڵەکەی بریتیە لە ئامۆژگاریی و هێنانەوەی نمونە لەسەر سزاو پاداشتی دواڕۆژ، کە ئەمەش هەماهەنگ نیە لەگەڵ واقیعدا، ((ماکیاڤیللی هەرگیز پرەنسیپەکانی لەسەر بنەمای ئەوەی دەبێت مرۆڤەکان چیبکەن و چی نەکەن، یان لەسەر بنەمای ئامۆژگاریی و ڕێنماییەکانی ئینجیل و کەنیسە بنیات نەناوە. کارەکەی ئەو باسکردنێکی ڕوون و ئاشکرایی ڕووداوە واقیعەکانە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ورد.)) ( (ماگی 2012، ل 146)

ئەم هەنگاوەی ماکیاڤیللی کیشانی هێڵێکی جیاکەرەوە بووە لە نێوان سەردەمی کڵێسەی مەسیحی و ئەو سەردەمەی کە ماکیاڤیللی تێیدا ژیاوە، یاخود بریتی بووە لە هەوڵ و کۆششی ماکیاڤیللی بۆ جیاکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی خۆی لەگەڵ بیرکردنەوەی سیاسیانەی سەردەمی کڵێسەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەسیحی، ئەمەش بە زەبرێکی کوشندە بۆ کڵێسەی مەسیحی تەواو بووە، چونکە بەهۆی ئەو هەوڵەوە شێوازی سیاسەتکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووەو میرو فەرمانڕەواکان پەیڕەویان لە بنەماو بیرکردنەوەکانی ماکیاڤیللی کردووە، توانیویانە بەهۆی ئەو ئامۆژگاریانەی ماکیاڤیللی لە کتێبی "میر"دا بۆ کەسایەتی "میر" پێشکەشی کردوون، کۆنترۆڵی خەڵك بکەن و ڕێگە نەدەن خەڵك سنووری دەستەڵاتیان ببەزێنن و پلانگێڕی بکەن و لە کۆتایدا ببن بە هۆکار بۆ لاوازکردنی وڵات و دەستی دەرەکی سود لەو ڕەوشە وەربگرێت. بۆیە لە مێژووی هزری سیاسی نوێدا فەلسەفەی ماکیاڤیللی بەهۆکار بۆ سەرهەڵدانی سیستەمە دکتاتۆرییەکان دەدرێتە قەڵەم، چونکە دکتۆرەکانی وەکو مۆسۆلۆنی ( 1883-1945)، (هیتلەر 1889-1945 ) و (سەدام حسێن 1937-2006 ) پەیڕەویان لەو بنەمایانە کردووە، کە بەهۆیەوە خەڵکیان سەرکوتکردووەو توندوتیژیان بەرامبەر بە نەیارانیان بەکارهێناوە. بە واتایەکی تر بەهۆی فەلسەفەی ماکیاڤیلەوە توانیویانە خوێندنەوە بۆ سروشتی خەڵك بکەن و لەوە تێگەیشتوون کە خەڵك بە سروشتی خۆیان خاوەنی ویستێکی نەبڕاوەن بۆیە هەر چەند یارمەتیان بدەن و هەرچیان بۆ بکەن زیاتر داوا دەکەن و لە کۆتایشدا بێ وەفاو سپڵەن، بۆیە ڕێگای پاراستنی دەستەڵات و سەروەری وڵات لەوەدایە سنوور بۆ خەڵك دابنرێت و هەموو ڕێگایەك بۆ کۆنترۆڵکردنیان بەکاربهێنرێت.

## دووەم: تۆماس هۆبز: (1588-1679ز).

تۆماس هۆبز یەکێك لەو فەیلەسوفە کاریگەرانەیە کە لە بواری فەلسەفەو کۆمەڵناسیدا (پەیمانی کۆمەڵایەتی) ناو و ناوبانگێکی دیاری هەیە. لە بابەتی "سروشتی مرۆڤ"دا نوسین و بۆچوونەکانی جێگای بایەخن و توێژەران بۆی دەگەڕێنەوە. هۆبز پتر وەك فەیلەسوفێکی ڕەشبین و نائومێد ناسراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پێی وایە مرۆڤ خاوەنی سروشت و هەڵکەوتەیەکە ترسناکەو هیچ ئومێدێك نیە بۆ چاکبوون و گۆڕانکاری، بەمەش ژیانی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە پڕ ئەبێت لە شەڕو ململانێ و نەهامەتی. ئەم ڕوانین و ڕوانگەیەی هۆبز لەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە سەرچاوەی گرتووە کە تێیدا ژیاوە، تەنانەت پێش لە دایکبوونی بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو دۆخە ئاڵۆزەدا هەبووە، کاتێك هێرش کراوەتە سەر بەریتانیاو لە کاتی هاتنی سوپای بێگانە دایکی هۆبز لە ترس و دڵەڕاوکێدا لە پێش وادەی دیاریکراوی خۆی هۆبزی هێناوەتە دنیاوە، بۆیە هۆبز وتویەتی: (من و ترس) دوانەین. ئەمە کاریگەری

لەسەر تەواوی ژیانی بەجێهێشتووە. هەروەها ڕەوشی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتی بەرتیانیا، بە تایبەتی ناکۆکی و ململانێی بەردەوامی نێوان بنەماڵەی پاشایەتی و لایەنگرانی سیستەمی پەرلەمانی، وایکردووە هۆبز بیر لە چارەسەر بۆ ئەم ڕەوشە بکاتەوەو سەرەتاش بە خوێندنەوە بۆ دۆخی سروشتی مرۆڤ دەستی پێکردووە.

بە بۆچوونی هۆبز سروشتی مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، ئەو کاردانەوانەو هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ دەیکات لەو پێکهاتە ئاڵۆزەوە سەرچاوە دەگرن. بۆیە هۆبز هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ هەموو ڕەهەندەکان دەکات. هۆبز تەنیا ئاماژە بە ڕەهەندی سایکۆلۆجی ناکات، بەڵکو ڕەهەندی بایۆلۆجیانەش لەبەر چاو دەگرێت.

## لێکادنەوەی هۆبز بۆ سروشتی مرۆڤ لە ڕەهەندی بایۆلۆجی و دەروونیەوە

بۆچوونی وایە، ((دوو جۆر جوڵە لە هەموو بوونەوەرێکدا بوونی هەیە کە تایبەتە بە خۆیانەوە. یەکێکیان بە "جوڵەی ژیاری" دەناسرێتەوە کە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونەوەو بەبێ وەستان و بە درێژایی ژیان بەردەوامە، وەك سوڕی خوێن، لێدانی دڵ، هەناسەدان، کارکردنی کۆئەندامی هاڕین. خواردن و فڕێدانی پاشماوەی نێو جەستە. ئەم جوڵانە پێویستیان بە سود وەرگرتن لە هێزی وێناکردن نیە. جوڵەی دووەمیش "جوڵەی ئاژەڵییە". کە بە جوڵەی ئیرادەیش ناودەبرێت، وەك ڕێکردن، قسەکردن و جوڵاندنەوەی ئەندامەکان بە چەشنێك کە سەرەتا لە هزرماندا بەرجەستە دەبێت. ئەوەی کە هەست جوڵەیەکە لە ئەندامەکان و بەشە ناوخۆییەکانی جەستەی مرۆڤ و بەهۆی چالاکیەکانی ئەو بابەتانەی دەیانبینین یان دەیانبیستین و بۆنیان دەکەین دروست دەبێت و هەروەها ئەوەش کە خەیاڵ یان وێنەی زهنی پاشماوەی ئەو جوڵانەیە، کە پاش هەستپێکردنیان هەر لامان ماونەتەوە.)). (هۆبز 2016، ل 39). بەم جۆرە جۆری یەکەم لە دەرەوەی خواست و ئیرادەیەو شتێکە لە کاتی خۆیدا بەبێ ویست و خواست ڕوودەدات، بەڵام دووەمیان لە ژێر کاریگەری ئیرادەو خواست و ویستدایە.

مرۆڤ لە پرۆسەی بەرکەوتنی لەگەڵ جیهانی دەورووبەری خۆیدا، ڕووبەڕووی چەند هەڵوێستێکی جیاواز دەبێتەوە کە دیاریترینیان بریتین لە جوڵە یان هەڵوێستی (ویستن، ڕەتکردنەوە یان نەفرەتلێکردن، بێ لایەن بوون). لە ژێر کاریگەری یان بەپێی ئەم سێ ڕەهەندە هەڵوێستی مرۆڤ لەبارەی هەر شتێك دەردەکەوێت و شێوە دەگرێت. ((مرۆڤ کاتێك حەزی لە شتێك بێت، واتە عاشقین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و خۆشیان لە هەر شتێك بە دوور بگرن، مانای بێزاربوونیانە لەو شتە، واتە نەفرەت. بۆیە عەشق و نەفرەت یەك شتن و جیاوازیان نیە بێجگە لەوەی کە نەفرەت بۆ دەربڕینی حەزی خۆمان بەرامبەر بە نەمانی ئەو شتە دەردەبڕین و عەشقیش بۆ دەربڕینی حەزی خۆمانە بەرامبەر بە بوونی شتێك. هەندێ لە حەزو بێزاریەکان لەگەڵ مرۆڤدا لە دایك دەبن. وەکو حەز لە خواردن، حەز لە فرێدانی پاشەڕۆ (دەتوانین ئەم حاڵەتە بە بێزاربوونی مرۆڤەکان لە شتەکانی ناو جەستەشیان ناو بەرین.)... ئەو شتانەی کە نە حەزمان لێیانەو نە لێی بێزارین، دەکەونە بەر بێ دەربەستی ئێمەوە، واتە گرنگی پێنەدان. بێ دەربەستی هیچی دیکە نیە بێجگە لە نەبوونی جوڵە یان بەرگریەکی کەللە ڕەقانەی دڵ لەبەرامبەر چالاکی و جوڵەی هەندێ شت. بێ دەربەستی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێشتر دڵ بەهۆی هەندێ شتی بەهێزترەوە جوڵێنراوە یان ئەو شتە پێشتر لەلایەن ئەو کەسەوە تاقینەکراوەتەوە. چیتر هیچ کاریگەریەکیشی لەسەر مرۆڤ نابێت، واتە کەسەکە بێ دەربەست دەبێت بەرامبەر ئەو شتە.)). (هۆبز 2016، ل 40). هۆبز پتر پێداگری لەسەر هەردوو ڕەهەندی (خواست "ویستن" و ڕەتکردنەوە "نەفرەتلێکرن") دەکاتەوە. بەو واتایەی کە مرۆڤ لەبارەی هەر شتێك یان هەر کەسێکی دەورووبەری یەکێك لەو دوو هەڵوێستە وەردەگرێت، یان (دەیەوێت یان ڕەتدەکاتەوە). مرۆڤ کاتێك شتێکی دەوێت ڕووی تێدەکات و لێی نزیك دەبێتەوەو لەگەڵیدا ئارامە، بەڵام کاتێك شتێك نەچێتە دڵیەوەو بە دڵی نەبێت، ئەوا لێی دووردەکەوێتەوەو نەفرەتی لێدەکات. ((لە جیهاندیدە گشتیەکەیدا (هۆبز) بە فەیلەسوفی خۆپەرستی و چێژ ناسراوە، چونکە لەو باوەڕە دابوون ئەگەر خواست و مرازی مرۆڤ هاتنەدی هەست بە چێژ وەرگرتن و خۆشیەك دەکات، و بە نەهاتنەدیان خەمبار دەبێ و ئازاری پێدەگات. بۆیە چاکەکاری لە چێژوەرگرتن و بەدکاری لە ئێش و ئازار بەو لاوە نین. ئەو بڕیارە دەچێتە ناو پاوانی فەلسەفەی خواست و ئاکارەوە.)). (عەزیز، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا 2011، ل 62).

ئەو ڕەوشە دەروونیەی بەسەر سروشتی مرۆڤدا زاڵە، وایکردووە مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ جیهانی دەورووبەرو ئەوانیتردا لە ململانێدا بێت و ناکۆك بێت، چونکە لەلایەکەوە خەسڵەتی (ویستن)ی هەیەو لە لایەکی ترەوە خەسڵەتی (ڕەتکردنەوە)، لە هەردوو لایەنیش هەوڵدەدات خەسڵەتی (هێز) بەرجەستە بکات، یاخود لە هەردوو حاڵەتدا ئامانجی کۆکردنەوەی (هێزە) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکانی بەردەمی. ((بەگشتی هێزی مرۆڤ بریتیە لەو ئامرازانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لەبەر دەستدان و سروشتی و ئامرازین. هێزی سروشتی بریتیە لە بەهێزیی و بەتوانایی جەستەیی یان هزری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەك: دووربینی، نەریتناسی، زانستخوازی، ڕەوانبێژی، سەخی بوون و بە ئابڕو بوون. هێزی ئامڕازبوونیش ئەو هێزانەن، کە لە ڕێگەی ئەم هێزانە یان بەهۆی چانسەوە بە دەستهاتوون، تواناو ڕێگەی زیاتریان لەبەر دەستدایە بۆ گەیشتن بە هێز. وەك، سەروەت، هاوڕێ و کردەوە شاراوەکانی خواوەند کە مرۆڤەکان پێی دەڵێن چانسی باش، چونکە لەمەیاندا ماهیەتی خواوەند لەناوبانگ دەچێت و تا دێ زیاتر دەبێت. یان لە جوڵەی شتە قسەکان دەچن. کە دوورتر دەبنەوە خێرایەکەیان زیاتر دەبێتەوە. بە گوڕترین هێزگەلی مرۆیی ئەو هێزانەن، کە تێکەڵەیەك لە هێزی مرۆڤەکان بێت، و بەپێی ڕێککەوتن لە دەست کەسێکی سروشتی یان مەدەنی بەدیهاتبێت. کە بەپیی ویستی خۆی مافی بەکارهێنانی سەرجەم هێزی ئەندامانی گروپەکەی هەبێت. هێزی دەوڵەتیش لەو جۆرە هێزانەیە)). (هۆبز 2016، ل 70). ئەم میتۆدەی هۆبز بۆ شیکردنەوەی سروشتی مرۆڤ گرتویەتیەبەر، لەپێناوی ئەوەدا کە لەم ڕوانگەیەوە (دۆخی سروشتی) ڕوونبکاتەوە، کە دۆخێکە لە فەلسەفەی سیاسی هۆبزدا پێگەیەکی دیاری هەیەو هۆکارێکە بۆ پتر ڕوونکردنەوەی سروشتی شەڕانگێزانەی مرۆڤ.

## دۆخی سروشتی و سروشتی مرۆڤ

هۆبز پێیوایە دۆخی سروشتی دۆخێکی تایبەتە کە دەکرێ مرۆڤ تێیدا بژی، کە بەگشتی ((دۆخی سروشتی دەرئەنجامێك لە هەڵچوونەکانی مرۆڤ دەنوێنێت، بریتیە لە دۆخێکی خەیاڵکراو، وێنای ئەوەمان بۆ دەکات کە ڕەوشی ژیانی مرۆڤەکان، چۆن دەبێت ئەگەر ڕۆڵ و کاریگەری دەستەڵات و یاساو ئامرازەکانی بەرزەفتکردنی کۆمەڵایەتیان لەسەر نەمێنێ. لێگەڕێی بە ئازادی وەڵامی ئارەزوو و هەڵچوون و دەستەبەرکردنی مافە سروشتیەکانیان بدەنەوە. هەروەها نەلواوە ئەم دۆخە باو بێت و بە تەواوی جیهاندا بڵاو بێتەوە)). (عەبدولحەمید 2012، ل 201). لەم دۆخەدا هیچ جۆرە خەسڵەت و بنەمایەکی تایبەت بە دەوڵەت بوونی نیە، بۆیە ئەم دۆخە تەواو پێچەوانەی دۆخی "مەدەنی"یە. لەم دۆخەدا مرۆڤایەتی لە بەردەم چرکەسات و ڕەوشێکی چارەنوسسازدایە چونکە هەمووان لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژن و هەمووان ناچارن چەند تواناو هێزیان هەیە لە دژی یەکتری یان بۆ مانەوەی خۆیان بەکاری بهێنن. مرۆڤ لەم ڕەوشەدا چەند بتوانێت ئەتوانێت بە دەستبهێنێت و هیچ کەسێك خاوەنی هیچ شتێك نیەو کێ بەهێزە خاوەنی هەموو شتێکە، کە دەکرێ لە هەر کاتێکدا لەلایەن یەکێکی لە خۆی بەهێزترەوە هەمووی لە دەست بدات. ئەمەش گوزارشتە لە جەنگێکی درێژخایەنی نەبڕاوە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆخی سروشتیدا، کە بەهۆی خواست و سروشتی مرۆڤەوە دێتە ئاراوە. (( بۆیە ئەوەی پەیوەندی بە جەنگەوە هەیە، یانی پەیوەندی بەو کاتانەوە هەیە، کە هەر کەسەو دوژمنی ئەوی دیکەیە، هاوکات پەیوەندیشی بەو کاتانەوە دەبێت، کە مرۆڤەکان بەبێ هەستکردن بە ئارامی و ئاسوودەیی، ژیان بەڕێ دەکەن. یانی هیچ ئارامی و ئاسودەیەکیان نیە جگە لەو ئاسودەیی و ئارامیەی کە بەهۆی هێزی جەستەیی و هەڵسوکەوتی کەسێتیەوە دروست دەبێت. لەم کاتانەشدا، واتە لەکاتی نەبوونی ئاسایش و ئارامیدا، هیچ جۆرە جوڵەو چالاکییەك بەدی ناکرێت، چونکە لە بەرهەمی هەوڵ و چالاکیەکانت دڵنیا نیت. لەم دۆخەشدا نەکێڵانی کێڵگەکان، نە جوڵەی پاپۆڕەکان، نە شتومەك و ئەو کەرەستانەی لە ڕێگەی دەریاوە دێن، نە زانست و زانیاری دەربارەی گۆی زەوی، نە گوزارشت و ڕاپۆرتێك دەربارەی مێژوو و بەگشتی هیچ جۆرە زانستێك، هونەر، ئەدەبیات و کۆمەڵ یان ئەنجومەنێك بوونی نابێت. لە هەمووشی خراپتر، ترسی هەمیشەیی و مەرگی کارەساتبار دێتە بوونەوەو، ژیانیش هەڵوەشاوە، ئیفلاس، ناشیرین و تاقەت پڕوکێن دەبێت.)) (هۆبز 2016، ل 104-105). ئەم تێکستەی هۆبز گوزارشتێکی ڕوونە کە لە دۆخی سروشتیدا تاکە ئامرازی کارا بریتیە لە جەنگ و هەروەها ڕەوشی زیندوو و بەردەوام بریتیە لە نائارامی و پەشێویەکی بەردەوام کە باڵ دەکێشێ بەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا. هاندەری سەرەکیش بۆ ئەمە تەنیا سروشتی مرۆڤە، کە خەسڵەتی ویستی هێزو دەستەڵات، بە دەستهێنانی سامان...هتد، هانیدەدەن کردەوەکانی سەربکێسن بۆ ئەم ڕەوشە. هۆبز ئەو دۆخە ناو دەنێت بە جەنگێك کە هیچ کەسێك تێیدا پارێزراو نیەو لە دەرەوەی سنووری ئەو جەنگەدا نیە، بۆیە ((لەم جەنگەدا، یانی لە جەنگی هەمووان دژی هەمووان، دەشێ ئەم ئەنجامەش ئاسایی بێت، کە لەم دۆخەدا هیچ شتێ ناتوانێ نادادپەروەرانە بێت. لەم دۆخەدا، چەمکەکانی حەق و نا حەق و دادپەروەری و نادادپەروەری هیچ مانایەکیان نابێت. کاتێك هێزێکی گشتی لە ئارادا نەبێت، هیچ یاسایەکیش بوونی نابێت. کاتێکیش یاسایەك بوونی نەبێت، نابێت بیر لە دادپەروەریش بکرێتەوە. لە جەنگیشدا بەهێز بوون و فێڵبازی دوو خاڵی سەرەکی و ڕێخۆشکەری سەرکەوتنن.دادپەروەری و نادادپەروەری بە بەشێك لە هێزی جەستەیی یان فکری مرۆڤ هەژمار ناکرێت، ئەگینا دەبوو وەك هەست و حەزەکان لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەبوایە. تەنانەت ئەگەر تاکە مرۆڤی سەر گۆی زەویش بوایە. دادپەروەری و نادادپەروەری تایبەتمەندی ئەو کەسانەن کە لە کۆمەڵگادا دەژین نەك مرۆڤی تەنهاو دوورە پەرێز.)) (هۆبز 2016، ل 106). لێرەوە ئەگەر ئەو ڕەوشە بەردەوام بێ و بێ چارەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بمێنێتەوە، ژیان و بوونی مرۆڤایەتی ئەکەوێتە بەردەم مەترسی لەناوچوون، ئەمە بەو واتایە ئەگەر هەموو شتێك بەپێی خواست و سروشتی مرۆڤ بڕوات بەڕێوەو سنووڕێك بۆ خواستە بێ سنوورەکانی مرۆڤ دیاری نەکرێت، ئەوا هەمووان لە بەردەم لەناوچووندان. لەم ڕوانگەیەوە هۆبز لە دەستپێکی فەلسەفە سیاسیەکەیدا، بە سەرنجدان لە ڕەوشی سیاسی وڵاتەکەی، ئەگاتە ئەو ئەنجامە کە هۆکاری سەرەکی کێشەکان بریتیە لە سروشتی مرۆڤ کە خاوەنی خەسڵەتەکانی: شەڕانگێزی، چڵێسی، توندوتیژی، خواستی بێ سنوورو لە بن نەهاتووە، بۆیە کاتێك ئەم سروشتە ئازاد دەکرێت، بەرکەوتن لە نێوانیاندا ڕوودەدات چونکە هەموو تاکەکەسان خاوەنی هەمان خەسڵەت و ویستن و لە خەسڵەتەکاندا یەکسانن، ئەمەش پێشبرکێیەکی بێ یاساو ڕێسا لە نێوانیان دروست دەکات و هەر کەس لای خۆیەوە هەوڵی سەرخستنی سروشتی مرۆییانەی ناخۆی خۆی دەدات، ئەوەی لە فەلسەفەی سیاسی هۆبزدا دەربارەی سروشتی مرۆڤ گرنگ و بایەخدارە ئەوەیە هۆبز پێشنیار دەکات بۆ سنووردارکردنی ئەو ڕەوشە، چارەسەر لە تێپەڕاندنی ئەو دۆخەدایە بەرەو دۆخی (مەدەنی).

مرۆڤ دوای ئەزموونکردنی ژیانێکی سەخت لە شەڕو ململانێ لەپێناوی سەرخستنی سروشتی مرۆڤیانەی ناخۆی خۆی، دواجار دەگاتە ئەو خاڵە کە هیچ کەسێك لەم جەنگەدا براوە نیە، بۆیە مادام هەمووان تێیدا زیانمەندن ئەوا پێویستە ئەو دۆخە چارەسەر بکرێت و لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا دۆخێکی نوێ ئەزموون بکرێت، بەمجۆرە ((ئەو حاڵەتە دەروونی و حەزانەی کە مرۆڤەکان هاندەدات بە سەقامگیرکردنی ئاشتی و وایان لێدەکات بەرەو ئاشتی خوازبوون هەنگاو بنێن، بریتیە لە: یەکەم: ترس لە مەرگ. دووەم: خواستی دابینکردنی کەرەستەکانی ئاسایش و خۆشگوزەرانی ژیان. سێیەم: گەشبین و هیوایە بەوەی کە خۆی بتوانێت لە ڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانەوە ئەو کەرەستانە دابین بکات. بەگشتی عەقڵێکی لۆژیکی و گونجاو بۆ ئاشتی دێتە کایەوە، کە هەمووان باوەڕیان پێ بێت، واتە کۆمەڵێ شتی بنەڕەتی دێنە کایەوە ئەو بنەمایانەش هەر ئەوانەن کە پێی دەگوترێ یاسا سروشتیەکان.)). (هۆبز 2016، ل 106-107). ئەم هەنگاوە دەستێکە بەرەو دامەزراندن و دانانی بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی (دەوڵەت)، کە خاوەنی یاساو ڕێسای تایبەتەو لە جیهاندیدی هۆبزدا کەسایەتی (لیڤیاتان)، بنەماو جەوهەری ئەو دەوڵەتە بەرجەستە دەکات و پراکتیکی دەکات و ((لەسەر تەواوی مرۆڤەکان پێویستە پابەندی مەرجەکانی ئاشتی یان ڕێساکانی ڕەفتاری مەدەنی بن، لەبەرئەوەی ئاشتی و ئاسایش و دڵنیاییان دەوێت و ئارەزووی دەستەبەرکردنی ژیان و چێژوەرگرتن لە

هۆکارەکانی ژیانی ئاسودەیی دەکەن، هەروەها خوازیاری دوورکەوتنەوە لە هەر خراپەیەکن، بە تایبەتی خراپە گەورەکە کە بریتیە لە مردن بە توندوتیژی. پێویستە هەموو مرۆڤەکان پابەندی ئەمە بن نەك بۆ وەڵامدانەوەی ئارەزوو و داواکاری ئەوانیتر بەڵکو بۆ وەڵامدانەوەی پاڵنەری ترس لە خودی هەر یەکێك لەواندا.)). (عەبدولحەمید 2012، ل 222).

لەم بوارەدا هەنگاوەکانی هۆبز لەپێناو ئەوەدایە کە مرۆڤ دوای هەوڵدانێکی تاقەت پڕوکێن بۆ پراکتیککردنی سروشتی خودیانەو خۆپەرستانەی خۆی، دواجار ئەگات بە قۆناغی هۆشیاری و بە ئاگاهاتنەوە، بۆیە بڕیار لەسەر تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دەدات بەرەو قۆناغی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، کە جەوهەرەکەی بریتیە لە بەستنی (پەیمانی کۆمەڵایەتی). بنەمای پەیمانەکە ئەوەیە کە تاکەکەسەکان لە جیاتی ئەوەی شەڕو ململانێ بکەن بۆ هێنانەدی خواست و ویستە خۆپەرستانەکانیان، ئەمجارە هەوڵدەدەن شەڕ لەگەڵ ناخی خۆیاندا بکەن و چیتر دوای خواستە نەبڕاوەکانیان نەکەون، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەریەکەی لای خۆیەوە دەستبەرداری بەشێك لە خواستەکانی ببێت و بەشێك لەو مافانە وازلێبهێنێت و بیداتە دەست "لیڤیاتان". بەم جۆرەش لیڤیاتان ئەتوانێت هێزی هەمووان لە خۆیدا کۆبکاتەوەو ڕەوایەتی وەربگرێت و لە هەمووان بەهێزتر بێت، چونکە خاوەنی هێزی هەموانەو بەناوی هەمووانەوە قسە دەکات و بڕیار دەدات، لە هەمانکاتدا هەرچی یاساو ڕێسایەك هەیە خۆی دەری دەکات و هەر خۆشی مافی هەڵوەشاندنەوەی هەیە. بە پێچەوانەوە هیچ کەسێك مافی دەست وەردان یان ڕەخنە لێگرتنی نیە. لەلایەن خەڵك (گەل)ەوە پێشکەشکردنی هەموو ماف و دەستەڵاتێك بەو واتایەیە ((گەل لە ڕێگەی ئەو کەسەوە کە خاوەن سەروەرییە، حوکمی خۆی دەکات، ئەو کەشە نوێنەری گەلە )) (هیلد 2006، ص 141). ئەم هەنگاوەی مرۆڤ، بە وازهێنان لە خەسڵەت و خواستە ناخەکیەکانی خۆی و سپاردنیان بەو پەیمانە کۆمەڵایەتیە، دەستپێکە بۆ دروستبوونی متمانەو دڵنیایی لە نێوان هەمووواندا، چونکە پێش ئەو پەیمانە هەمووان لە شەڕێکی سەرتاپاگیردا بوون و هەر کەس لای خۆیەوە لە هەر ئان و ساتێکدا چاوەڕوانی مەرگ و لەناوچوونی خۆی بووە.

هۆبز بۆچوونی وایە، کاتێك سروشتی مرۆڤ ئازاد دەکرێت و مرۆڤ هەوڵدەدات خواستی خۆپەرستانەی خۆی پراکتیك بکات، هیچ جۆرە بەهایەك بوونی نیە، بۆ نمونە (یاسا، ئایین، ئەخلاق، ئەدەب، ویژدان...هتد). بۆیە لە دۆخی مەدەنیدا پێویستە ئەو بەهایانە بهێنرێنە ئاراوەو پراکتیك بکرێن. بۆ نمونە بەهای (ئەخلاق و ویژدان)، پێویستە لە تاکەکاندا هەبن، بەڵام مەرج نیە (لیڤیاتان) بەو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهایەوە پابەند ببێت، چونکە پێویستە (لیڤیتان) خاوەن هێزێکی توند بێت کە بەهۆیەوە بتوانێت یاساکان پراکتیك بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ جۆرە خەسڵەتێکی (ئەخلاقی و ویژدان)ی کە کاریگەری لێبکات.

## ئەنجام

بەپێی دۆکیومێنت و بەڵگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤ لە بوون و جیهاندا وەك بوونەوەری نمونەیی و فەرمانڕەوا بەسەر هەموو بوونەوەرەکانی ترەوە دەستنیشانکراوە، ئەمەش بەو هۆیەوە کە مرۆڤ هەم خاوەنی غەریزەو هەم خاوەنی ئیرادەیە، ئەمە لە کاتێکدا بوونەوەرەکانی تر تەنیا خاوەنی غەریزەن. بنەمای ئیرادە (ویست) هاندەرو هۆکار بووە بۆ ئەو گەشە خێرایەی کە مێژووی مرۆڤایەتی لە بواری جیاوازدا بە خۆیەوە بینیووە.

لە دێر زەمانەوە مرۆڤ وا پێناسە کراوە کە هەم ڕەهەندی چاکە (خێر) هەم ڕەهەندی شەڕ (خراپە)ی تێدایەو هەموو ئایین و ڕەوتە فەلسەفیەکانیش هانی مرۆڤ دەدەن بتوانێت ڕەهەندی چاکەکاری بەسەر لایەنی خراپەکاریدا زاڵ بکات.

گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە قۆناغی 2000 هەزار ساڵی زایینیدا بۆتە هۆکار بۆ گەشەو جوڵەیەکی خێرا لە ژیانی مرۆڤدا، ئەمەش لە کاتێکدا قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستی کڵێسەی مەسیحی بۆ ماوەی 1000 هەزار هەوڵی دواخستن و سستکردنی ئەو کاروانەی گەشەکردنی مرۆڤایەتی داوە. لە کۆتاییەکانی ئەم قۆناغەداو لە دەستپێکی گەشەو سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێبوونەوەی ئەوروپی (ڕێنیسانس)، سەرلەنوێ هەموو بەهاکان پێناسەکرانەوەو واتای نوێیان بەبەردا کرایەوە، بواری سیاسیش بەدەر نەبوو لەم بەهایانە.

فەلسەفەی سیاسی بوارێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤایەتیەوە، چونکە مرۆڤ خۆی بەرهەمهێنەری هەموو بنەماو بیرۆکە سیاسیەکانەو لە پێناوی باشترکردنی ژیان و بوونیدا بەرهەمی هێناون و گەشەی پێداون. مرۆڤایەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە، تەنانەت لە سەردەمی قۆناغی ئەفسانەیەوە بیرۆکەو هزری سیاسی هەبووە، یاخود سیاسیانە مامەڵەی لەگەڵ ژیاندا کردووە.

لە سەردەمی نوێ و لەگەڵ شۆڕشی ڕێنیسانس دا هەر یەك لە (ماکیاڤیللی) و (تۆماس هۆبز)، دوو فەیلەسوفی کارا بوون کە لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا شوێن پەنجەیان دیارەو بەرهەم و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆچوونەکانیان کاریگەرن. هەردووکیان لە ژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکانیاندا بوون و لەو چوارچێوەیەدا بنەمای فەلسەفە سیاسیەکەیان داڕشتووە.

بە بۆچوونی ئەوان مرۆڤ شایەنی ئەو هەموو دەردو نەهامەتیانە نیە، لە کاتێکدا بە ژیریی و بیرکردنەوە ئەکرێ زۆربەی کێشەکانی چارەسەر بکرێن. ئەمەش بەو واتایەی کە ئەم دوو فەیلەسوفە زۆربەی کێشەو نەهامەتیەکانیان گێڕاوەتەوە بۆ نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی بەهێز کە بتوانێت لە ڕێگەی یاساوە بیرکردنەوەو کردارو ڕەفتاری مرۆڤ ڕێکبخات، چونکە کاتێك مرۆڤ لەژێر چەتری سیستەمێکی سیاسیدا نیە، ئەوا هەوڵدەدات کە پراکتیکی سروشتی مرۆڤیانەی خۆی بکات، کە پێکهاتووە لە خەسڵەت و بەهای (خۆپەرستی، بێوەفایی و سپڵەی، چڵێسی، ویستی بە دەستهێنانی هێزو سامانی لە بن نەهاتوو.)، کاتێکیش هەموو ئەو خەسڵەتانە لە دەرەوەی یاساو پرانسیپەکان دەکەونە کار، ئەوا ئاشوب و ئاژاوەیەکی سەرتاپاگیر ڕوودەدات، چونکە لە یەککاتدا هەموو تاکەکەسەکان خاوەنی ئەم خەسڵەتانەن و هەریەکەی لەلای خۆیەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو خەسڵەتانەی ناخی دەدات، بەمەش بەریەککەوتن و ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێت.

ماکیاڤیللی بە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ڕەوشی سیاسی وڵاتیەکەی، ئەو پەشێوی و دەردەسەریەی ڕووی لە وڵاتەکەی (ئیتاڵیا) کردووە، بۆ دوو هۆکاری گێڕاوەتەوە، یەکەمیان نەبوونی پرانسیپی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤە تاکەکان، هەروەها دووەمیان: لەم بۆشاییەدا بەهێزبوونی دەستەڵاتی کڵێسە کە خۆی لە دەستەڵاتێکی لاوازو لەرۆزکدا دەبینێتەوە کە خاوەنی هیچ جۆرە بەرگریەکی کاریگەر نیە. ماکیاڤیللی هەنگاوی یەکەم بە کۆنترۆڵکردنی خەڵك دەستپێدەکات، کە پێیوایە مرۆڤەکان جێگای بڕوانین و سپڵەو بێ وەفان، لە هەر کاتێکدا بتوانن زیان دەگەیەنن، بۆیە بۆ کۆتاییهێنان بەم کێشەیە دانانی (میر)ێکی بەهێز کە خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتە چارەسەرە. ئەو میرە پێویستە دەستی کراوە بێت و پەیڕەوی هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و ویژدانی نەکات، بە پێچەوانەوە پێویستە بەیەکجار هەموو مرۆڤەکان بە هەموو خەسلەتە ناخەکییە خۆپەرستەکانیانەوە ملکەچی خۆی بکات، بەمەش کۆتایی دەهێنێت بە پەرتەوازەی و پەشێوی لە وڵاتداو سەروەری بۆ دەستەڵات و دەوڵەت دەگێڕێتەوە.

بە هەمان شێوە تۆماس هۆبز لە ژێر هەمان بۆچوون و کاریگەریدایە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەوشە سیاسیەی وڵاتەکەی (بەریتانیا) ئەو کات تێیدا ژیاوە، کە ململانێیەکی توند لە نێوان ڕەوتی پەرلەمانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕەوتی بنەماڵەی پاشادا هەبووە. بۆچوونی هۆبز وا بووە کە ئەگەر هەمووان سوور بن لەسەر بەدیهێنانی هەموو خواست و داواکارییەکانی ئەوا هیچ کەسێك ناگات بە ئارامی و بەڵکو هەمووان لەنێو پەشێوەیەکی بەردەوامدا دەژن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەوشە پەنای بردۆتە بەر شیکردنەوەی "دۆخی سروشتی".

هۆبز مرۆڤ وەك مەکینەیەك وێنا دەکات کە هەم خەسلەتی بایۆلۆجی هەم خەسڵەتی سایکۆلۆجی هەیەو هەردوو لایەنی کاریگەریان بەسەر یەکترەوە هەیە. جوڵە بایەلۆجیەکان بەشێوەیەکی خۆنەویستانە ڕوودەدەن، بەڵام جوڵە ئیرادەییەکان لەژێر کاریگەری ویست و خواستی مرۆڤدان. سروشتی مرۆڤ بەو جۆرەیە کە بەردەوام لە جوڵەدایەو هەموو جوڵەکانیش لەپێناوی مانەوەو پتر بەهێزبوون و گەشەکردندان، ئینجا بەهۆی ئەوەی هەمووان مرۆڤن و خاوەن هەمان خەسڵەتن، ئەوا لە دۆخی یەکسانبوونی خەسڵەتەکاندا بەریەککەوتن ڕوودەدات و مرۆڤ دەچێتە دۆخی ململانێیەکی درێژ خایەن.

لە ڕوانگەی هۆبز مرۆڤ پێویستە بەهۆی تێگەیشتن و هۆشیاری خۆیەوە لەو دۆخە تێبگات و تێیپەڕێنێت، ئەمەش چارەسەرە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. تێپەڕاندنی دۆخەکە بەهۆی گەیشتنە بە قۆناغی (مەدەنی-دەوڵەت)، کە بەهۆی پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە بەرهەم دێت. کاتێك مرۆڤایەتی ئەگات بەو بڕوایەی کە دۆخی سروشتی، یاخود شەڕی هەمووان دژی هەمووان چارەسەر نیەو هیچ سودێکی نیە، ئەوا لە ڕەوشێکی تاقەت پڕوکێندا هەمووان بڕیاری وەستان دەدەن و هەر کەس لای خۆیەوە لە بەشێك لە ماف و داواکارییەکانی خۆی (سروشتی خۆپەرستانە)ی خۆش دەبێت و لەچوارچێوەی بڕگەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەستەڵات و مافەکانیان ئەدەنە دەست (لیڤیاتان). لیڤیاتان تەنیا پێکهاتەیەکە یان بابەتێکە کە لە هێزی هەمووانەوە وزەو توانا وەردەگرێت. نائومێدی خەڵك لەوەی بتوانن چارەسەری کێشەکانیان بکەن، وایکردووە هەموو مافەکانیان بدەن بە "لیڤیاتان" کە مافی هەموو بڕیارێك و دەرکردنی یاساو هەروەها هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی هەیە.

لەبارەی سروشتی مرۆڤ و هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئەم سروشتە لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسیدا، جیاوازی و لێکچوونی ماکیاڤیللی و هۆبز ئەوەیە کە هەردووکیان بڕوایان بەوە هەیە بەهۆی (میر یان دەستەڵاتدار)ێکی بەهێزەوە کۆنترۆڵی سروشتی مرۆڤ بکرێت، هەروەها هەردووکیان لەژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسی وڵاتەکەیاندا بوونە. بۆچوونی هەردووکیان لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە

لەیەکتر نزیکە کە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی چڵێس و خۆپەرست و بێ وەفا دەدەنە قەڵەم کە هەموو ئامانجی بریتیە لە کۆکردنەوەی هێز و سامان، ئینجا گرنگ نیە ئەگەر ئەم هەنگاوە بە زیانی ئەوانیتر تەواو ببێت. خاڵی جیاوازیان ئەوەیە کە هۆبز ئەم بابەتە لەچوارچێوەی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا ڕێکدەخات کە خەڵك خۆیان پێکیدەهێنن و دەستەڵاتەکانیان دەدەنە دەست (لیڤیاتان)، بەڵام لە دیدی ماکیاڤیللی پێویست بە ئەیمانی کۆمەڵایەتی ناکات، بەڵکو پێویستە "میر" بەهێزەوەو بە زەبری توندوتیژی دەستەڵات وەربگرێت و هەموو شتێك کۆنترۆڵ بکات.

## سەرچاوەکان:

برایان ماگی. 2012. *مێژووی فەلسەفە*. چ2. ترجمة عوسمان حەمە ڕەشید گورون. سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.
پ.د.حەمید عەزیز. 2011. "ڕەهەندە هەمەڕەنگیەکانی فەلسەفەی مێژوو." *ڕامان* (171): 78-92.
—. 2011. *فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا*. هەولێر: دەزگای ئاوێر.
تۆماس هۆبز. 2016. *لیڤیاسان*. ترجمة ئەسعەد عەلی. هەولێر: دەزگای ئاوێر.
د.موسا ئیبراهیم. 2010. *فکری سیاسی خۆرئاوا*. چ3. ترجمة شوان ئەحمد. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
د.نەبیل عەبدولحەمید. 2012. *تۆماس هۆبز و ڕێبازە ئاکاریی و ڕامیاریەکەی*. ترجمة د.محەمەد شوانی. هەولێر: دەزگای ڕۆژهەڵات.
دیڤید هیلد. 2006. *نماذج الديموقراطية*. ترجمة فاضل جتكر. بيروت: معهد الدراسات الستراتيجية.
ستیڤن ئیریك لیدمان. 2004. *مێژووی بیروباوەڕی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە تا هابرماس*. ترجمة دلێر میرزا. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران.
کەمال پوڵادی. 2005. *مێژووی هزری سیاسی خۆرئاوا*. ترجمة ئازاد وەلەدبەگی و سیروان زندی. المجلد بەرگی 1. هەولێر: دەزگای موکریانی.
نیکۆلا ماکیاڤیللی. 2006. *میر*. چ2. ترجمة حسێن عارف. سلێمانی: سەنتەری روناکبیری هەتاو.
ئالستر ئێدواردز، تاونزند جولز. 2013. *ڕاڤەی نوێ لەسەر فەیلەسوفانی سیاسی مۆدێرن لە ماکیاڤیللیەوە تا مارکس*. ترجمة فەرشید شەریفی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
یۆستاین گاردەر. 2003. *جیهانی سۆفیا*. ترجمة بەهرۆز حەسەن. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام. 2012. *ئەخلاق و سیاسەت*. ترجمة شەریف عوسمان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Dimensions Of Human Nature Between Machiavelli And Thomas Hobbes

**HazhanMala Hamadameen**
Dipartment of philosophy, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Hazhan.hamadameen@su.edu.krd

***Keywords****: Human Nature, Natural Stage, Politics, State, Machiavelli, Thomas Hobbes.*

## Abstract

In the midst of all the beings in the world, man is the only conscious being, possessing intelligence and questioning. That is why man, himself, owns a research project in himself and the world around him. Man is also the creator of history and at the same time records history. Among all living things, man is known as the one who makes every effort for his own survival. For this reason, human beings have a "selfish" and conflicting nature. In the aftermath of the Middle Ages and at the beginning of the Renaissance Revolution, and in the depths of this revolution, two great philosophers came to the realm of political philosophy. They were also (Machiavelli) and (Thomas Hobbes). They dedicate their philosophical foundations to the study and analysis of complex human phenomena. In their view, human beings are selfish, and therefore need to be tightly controlled or restricted by a strict system of governance. In this study, we will try to discuss the fundamentals and different theories of these two philosophies about human nature.

# ابعاد طبيعة الإنسان بين مكيافيلي وتوماس هوبز

## ملخص

من بين جميع الكائنات فى العالم المنظور ،نجد الإنسان هو الكائن الوحيد الواعي ، الذي يمتلك ذكاءًا راقياًوجملةمبدا التساؤلات. لهذا السبب فأنه يمتلك مشروعا بحثيا حوله نفسه والعالم من حوله. فالإنسان هو أيضا صانع للتاريخ وفي نفس الوقت فانهيسجل ذالكالتاريخ.وكذالك من بين جميع الكائنات الحية ، فانه الإنسان يعرف بأنه كائن الذي يبذل قصارى جهده من أجل بقائه،ولهذا السبب،فان لدى البشر طبيعة "أنانية" ومتصارعة. في أعقاب العصور الوسطى وبداية ثورة النهضة ، وفي أعماق هذه الثورة ، دخل اثنان من كبار الفلاسفة إلى عالم الفلسفة السياسية. وهما(مكيافيلي) و (توماس هوبز). وقد كرب أسسهما الفلسفية لدراسة وتحليل الظواهر البشرية

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

المعقدة. ومن وجهة نظرهما فآن البشر أنانيون ، وبالتالي يحتاجون إلى نظام حكم صارم وقادر على ضبط و التحكم، وصنع حدود صارمه له. وفى بحثناالمتواضع الحالى نحاول ان نتناول أسس و الابعاد المختلفةالتى استندعليها هاذان الفيلسوفان ولمخرجات التى خرجو بها،حول طبيعـةلإنسان.